# تەبلێتێک بۆ منداڵان

هەرچەنـــدە تەکنەلۆژیای نوێ هیچ پۆلێن و جیاکارییەکی لەنێوان تەمەن و رەگەزەکاندا دانەناوە، بەڵام کەم و زۆر هەوڵدراوە هەندێك ئامێر تایبەت بـــە تەمەنێکی دیاریکراو بەرهەم بێنن. وەك تەبلێتی تایبەت بە منداڵان.. هەرچەندە لە تەکنەلۆژیای نوێدا منداڵان بەراستی پشکی شێریان بەرکەوتووە.

کۆمپانیـــای پولارایـــد تەبلێتێکی تایبەت بـــە منداڵانی بەرهـــەم هێناوە کە دایکوباوکان دەتوانـــن بەهۆیەوە کۆنترۆڵی منداڵەکانیان بکەن. تەبلێتەکە کە  بە جۆری Polaraid Kids Tablet 2 ناســـراوە شاشەیەکی 7 ئینجی هەیە و کوالیتییەکەی بۆ منداڵان گونجاوە. میمۆرییەکەی 8 گیگابایتە و رامەکەی یەك گیگایـــە. تەبلێتەکە وای- فای و بلوتوســـی هەیە و لە سیســـتەمی ئەندرۆید ســـوود وەردەگرێت. زیاتر لە 70 کتێبی دیجیتالـــی وەك کتێبی چیرۆك و فێـــرکاری و راهێنان تایبەت بەمنداڵانـــی تێدایە. دەکرێت بەهۆیەوە وێنە و فیلم هەڵبگرییەوە و پاشـــان وێنەو فیلمەکان پێکەوە پەیوەند بدەی و مۆســـیقایان لەسەر دابندرێت.



# گەسکە کارەباییەکان ژیرۆکتر دەبن

ئەگەر تەنیا بۆ نزیکەی 20 ساڵێك لەمەوبەر بگەڕێینەوە دەبینین تەکنەلۆژیای نوێ ئەوەندەی لە خزمەت ژناندا بووە کەمتر لە خزمەت پیاواندا بووە، زۆربەی ئەرکە دژوارەکان کە ژنان لە رابردوودا ئەنجامیان دەدا ئێستا تەکنەلۆژیای سەردەم ئەنجامی دەدا، یەکێك لەوانە گەسك لێدانی کارەباییە. گەســـکی کارەبایی بە بەراورد بە تەکنەلۆژییەکانی دیکـــە مێژوویەکی هەیە، بەڵام لەم دواییەدا بەرەو دیجیتالی و هۆشـــمەندی رۆیشـــتووە. بۆ نموونە گەسکی کارەبایی Roomba 800 ئیدی هیچ ماندووبوونێکی بۆ بەکارهێنەرەکەی نەهێشـــتۆتەوە. ئەم گەســـکە کارەباییە هەر ئەوەندەیە کە فەرمانی پێبدە کە ژوورەکە خاوێن بکاتەوە دەستبەجێ دەست بەکار دەکات. تەنانەت جۆری زبڵەکەش دەناســـێت و هەتا بەهۆی کۆنترۆڵەوە دەکرێت یەکسەر بۆ شوێنیکی تایبەتی کە لە ژوورەوە پیس بووە بینێری. کاتێکیش کە کیســـەکەی پڕ لە زبڵ بوو خاوەنەکەی ئاگادار دەکاتەوە کە کیســـەکە دەربێنێت، هەرکاتێکیش کە هەستی پێکرد شـــەحنی باترییەکەی دابەزیوە، دەگەڕێتەوە شوێنی شەحنەکەی خۆی و خۆی شەحن دەکاتەوە.



# کۆنترۆڵی فڕۆکەی کاغەز بە مۆبایل

ســـەردەمی منداڵی دەبێ بڵێین یـــادی بەخێر، تەنیا یادەوەرییەکانـــی لەناخماندا زیندوون، رەنگە زۆربەمان لەبیرمان بێت کە پەڕەیەکمان لێدەکردەوەو دەمانکرد بە فڕۆکە و بۆ چەند چرکەیەك دەفڕی و دواتر دەکەوتە خوارەوە، تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم هاتووە ئەم بیرەوەرییەی زیندوو راگرتووە و کردوویەتی بە دیجیتالی. کاتێك کە فڕۆکەکەت دروســـت کرد چەند پارچەیەکە کە بەئاســـانی لـــە فڕۆکەکە دادەندرێت و بەهۆی مۆبایلەوە دەکرێت کۆنترۆڵی فڕۆکەکە بکەی و ئەوەندەی حەز دەکەی بفڕێت و بۆ هەر لایەکیش مەبەستتە بڕوات.

فڕۆکەکـــەی کاغەزی PowerUp 3.0 جگە لە لاپەڕەکە کە خۆت دەبێت دروســـتی بکەی، پەروانە و سوکانیشـــی بۆ دادەنرێت، باترییەکیش کە کەم بۆ لاسەنگ نەبوون و هەم بۆ وزەکەی لە پێشەوە دادەندرێت. بەهۆی بلوتوسی مۆبایلەوە هەتا 55 مەتر دەکرێت بفڕێت وکۆنترۆڵ بکرێت.







## ئێكس بۆكس بۆ مۆبایل

لەم رۆژانەدا نوێترین ئامێری گەمەكردنی ئێكس بۆكس واتە ڤێرژنی چوار لەلایەن مایكرۆسۆفتەوە كەوتە بازاڕەوە، كۆمپانیای ناوبراو بەڵێنی دا ڤێرژنێكی تایبەتی ئێكس بۆكس بە مۆبایل بەرهەم بێنێت.

مۆبایلە ئێكس بۆكسەكە كە لەلایەن مایكرۆسۆفتەوە دیزاین كراوە، سیستەمی بەگەڕخەری ویندۆز8ی لەسەرە، ئەو گەیمانەی كە لە ئێكس بۆكسدا هەن لەویش دا هەن، لە پێشەوەی ئەو مۆبایلە كامێرایەكی 15 میگاپیكسلی هەیە لەگەڵ ئەوەیدا كە جوڵەكانی بەكارهێنەرەكەی لەكاتی یاریدا دووپات دەكاتەوە دەتوانرێت پەیوەندی ڤیدیۆیی لەگەڵ ئەوانەی ئەو ئامێرەیان هەیە دابمەزرێنیَ. شاشەكەی 6 ئینجە و فول ئێچ دییە. پرۆسیسەرەكەی 8 ە و رامەكەی 4 گیگابایتە. هاردەكەی 128 گیگابایتە. جگە لەوەش دەكرێت میمۆری 64 گیگابایتیشی بۆ دابندرێت.





## كاتژمێرە سمارتەكەی كوالكام

كۆمپانیای كوالكام لە راستیدا پارچەی جیا بۆ مۆبایلە هۆشمەندەكان بەرهەم دێنێت، وەك گەورەترین كۆمپانیای بەرهەمهێنی پرۆسیسەری مۆبایل سەیر دەكرێت، لەم رۆژانەدا هەوڵیداوە كاتژمێرێكی هۆشمەند بەرهەم بێنێت. كاتژمێرە هۆشمەندەكەی والكام بەناوی Appscomm Fashioncomm A1 كەوتە بازاڕەوە. شاشەكەی لە جۆرێكی زۆر تایبەتە، كە یەكەمجارە ئەم شاشەیە بەمەبەستی بەرهەمهێنانی كاتژمێری هۆشمەند بەرهەم بێت. شاشەكەی 1.55 ئینجە و كاتژمێرە هۆشمەندەكە وزەیەكی ئەوتۆی پێویست نییە. شەحنی باتری كاتژمێرەكە هەتا 190 كاتژمێر دانابەزێت. كاتژمێری هۆشمەندی A1 لە سیتسەمی GSM سوود وەردەگرێت و دەتوانێت بەبیَ مۆبایلیش پەیوەندی دابمەزرێنیَ یان كورتە پەیام بەڕیَ بكات، كامێرایەكی بچووكیشی هەیە بۆ وێنەگرتن.

# پلەی ستەیشنی ٤ دوو هەنگاو بۆ پێشەوە و چوار هەنگاو بۆ دواوە

جیهانی گەیمەر جارێکی دیکەش ئامێرێکی دیکەی بەخۆیەوە بینی و پلەی ستەیشنی 4ی کۆمپانیای سۆنی دوای چاوەڕوانییەکی زۆر کەوتە بازاڕەوە. هەر ئامێرێکی تەکنەلۆژی لە ڤێرژنی پێش خۆی دەبێت پێشـــکەوتووتر و سەرکەوتووتر بێت، بەڵام نازانرێت لەبەر چ هۆکارێك پلەیستەیشنی نوێ چەندین خاڵی نیگەتیڤی تێدا دەبیندرێت:

یەکەم هیچ گەیمێکی ڤێرژنەکانی پێش خۆی واتە پلەی 2 و 3 ناکاتەوە و دەبێت پشـــت لە گشـــت ئەو گەیمانە بکەی کە لە ڤێرژنەکانی پێشوودا هەبوونە. هیچ کام لە ئامێرە لاوەکییەکانی دیکە وەك دەسکی گەمە و هێدستی بلوتوسی هی ڤێرژنەکانی پێشوو بەکەڵکی ئەم ڤێرژنە نوێیە نایەن. بەڵام پلەی چوار 8 پرۆسیســـەری تێدایە، باشـــترین کارتی گرافیکی هەیە کە 8 گیگابایتە، خێراییەکەی 5500 گیگاهێرتزە، هەربۆیە یارییەکان بەباشترین کوالیتی نیشان دەدرێن، بلۆرەی و DVD دەخوێنێتەوە، بـــەڵام CD و MP3 ناخوێنێتـــەوە، هاردەکـــەی 500 گیگابایتە و دەکرێ زیاتریش بکرێت.






## کیبۆردی تایبەت بە مۆبایل

مۆبایلـــە هۆشـــمەندەکان لـــە زۆر شـــتدا کاریگەریی لاپتۆپیان هەیە و ئەرکەکانی لاپتۆپ رادەپەڕێنن، بەڵام چونکە کیبۆردی سەر مۆبایلەکە ئەوەنـــدە بچووکە ناکرێت جێگای هەر دەپەنجە بێتەوە، بۆیە تایبکردن لەســـەر مۆبایلەکان گەلێك دژوارە. لەم دواییـــەدا کۆمپانیـــای NFC کیبۆردێکـــی تایبەت بە مۆبایلـــی بەرهەم هێناوەکە لە رێگای بلوتوســـەوە بـــە مۆبایل پەیوەند دەدرێت. بەهـــۆی کیبۆردەکەوە دەکرێت لە ماڵەوە یان لە شـــوێنی کار لەبری کارکردن بە لاپتۆپ کار بە مۆبایلە سمارتەکەت بکەی و بەهۆی ئەو کیبۆردەوە تایب بکەی. کیبۆردەکە ماوسـێکی تایبەتیشـــی تێدایە بۆ کارکردن لەســـەر ئینتەرنێت و کردنـــەوەی لاپەڕەکانی ئینتەرنێت زۆر گونجاوە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی ئازیز پرســـیار دەکات هەرکاتێك کە ناونیشانی سایتێك لە پرۆگرامی Word دا دەنووسم دەبێتە لینك و رەنگی شین دەبێت و ئەگەر ماوسی لەسەر دابنێم دەچێتەسەر ناوونیشانەکە چ بکەم کە ئەو لینکە دروست نەبێت.

خوێنەری بەڕێز ئەگەر بتەوێ ناوونیشـــانەکە نەبێتە لینك، دوای نووســـینی ناوونیشانەکە دوگمەی Ctrl+Z لێبدە. بەڵام گەر بتەوێ بۆ هەمیشە لای بەری دەبێ ئەم هەنگاوانە بگرییە بەر.

لە بەشـــی file بچۆ سەر بەشی Options، پاشان پەنجەرەی PROOFING هەڵبژێرە. پاشان بۆکسی Autocorrect oP-TIons هەڵبژێرە، ئێســـتا لە پەنجەرەی auto correct فەرمانی Auto format as you type ســـەحەکەی لابەرە و OK بکە ئێستا هیچ ناونیشانێکی ئینتەرنێتی نابێتە لینك.






# ئیكۆلوس ریفت و داهێنانێكی نوێ

ئیكۆلوس ریفت لەراستیدا هێدستێكی مەجازییە كە لەلایەن كۆمپانیای ئیكۆلوست بەرهەم هاتووە، ئەو هێدیستە توانای نمایشكردنی ڤیدیۆی سێ رەهەندی و لایەنەكانی پەیوەندیدار بە جیهانی واقیعی- مەجازی هەیە. وەك پەیوەندیدان بە كۆنسولی گەیمی كۆمپیوتەری، كۆنترۆڵكردنی روبۆتە فڕیوەكان، پەیوەندیدان بە ئامێرەكانی ئەندرۆید و زۆر ئەركی دیكەش.

گروپێكی شارەزا لە بواری تەكنەلۆژیای نوێ فیلمێكی 360 پلەییان بۆ ئیكۆلوس ریفت بەرهەم هێناوە، فیلمەكە نیو كاتژمێرە، كە بەراستی لەگەڵ ئەوەی كە بینەر خۆی لەناو رووداوەكەدا بێت هیچ جیاوازییەكی نییە. هەربۆیە ئەو هێدستی ناوبراو زۆرتر لە بواری پزیشكی و هێزی سوپاییدا بەكار دێت، بۆ ئەوەی كە دیمەنەكان وەك راستەقینە ببینن.




# word 2010 وێنەی سەر شاشە دەگرێت

ئەوانەی شارەزای بواری كۆمپیوتەرن دەزانن لەسەر كیبۆردی كۆمپیوتەر دوگمەیەك هەیە بەناوی PRINT screen واتە وێنەگرتن لە شاشەی كۆمپیوتەر، كە لە ویندۆز7دا پرۆگرامێكی بچووك كە لە بەشی تۆلسدایە ئەم ئەركە ئەنجام دەدات. بەڵام لەم دواییانەدا لە word 2010 دا بە ئاسانی ئەم ئەركە ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە گەر نیازت هەیە وێنە لەیەكێك لە پەنجەرەكانی ویندۆز بگری و هەر ئەوكات بیخەیە ناو wordوە. هەر ئەوەندە بەسە كە كاتێك WORD 2010ت كردەوە لە لای سەرەوەی لاپەڕەكەدا بچۆ بۆ بەشی Insert و لە بەشی IIlustrations لەسەر فەرمانی screenshot كلیك بكە. ئێستا نموونەیەك لە گشت ئەو پرۆگرامانەی كراونەتەوە نیشان دەدرێن، ئێستا ئەگەر كلیك لەسەر هەر یەكێك لەو پەنجەرانە بكەی وێنەی پەنجەرەكە دەگیردرێت. پاشان بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی دەستكاری كردنی وێنە كە هەر لە پرۆگرامی ۆرددا هەیە دەكرێت وێنەكە هەندێك دەستكاری بكەی.

# سایتێک بۆ بەڕێکردنی داتای زۆر



راستە ئیمێلی یاهوو گەلێك كار ئاسانی كردووە بۆ بەڕێكردنی داتاكان، بەڵام ئیمێل زۆرتر بۆ فایلی بچووك گونجاوە و فایلی مەزن و داتای گەورە بە ئیمێل یان بەڕێ ناكردرێن یان بەڕێكردنیان دژوارە. هەرچەندە درۆپ بۆكس و گوگل درایڤ و سكای درایڤ...تاد ئەركی بەڕێكردنی فایلی گەورەیان ئاسان كردۆتەوە، بەڵام لێت روون نییە كە بەرامبەرەكەت ئەوانەی باسیان كرا لەسەر كۆمپیوتەرەكەی هەیەتی یان نا. باشترین رێگا بۆ بەرێكردنی فایلی مەزن سوود وەرگرتنە لە خزمەتگوزاریی Mailbigfile كە ناوی خۆی بەخۆیەوە. واتە بەرێكردنی فایلی مەزن.

بۆ سوود وەرگرتن لەم خزمەتگوزارییە سەردانی ئەم ئەدرەسە بكە http://www.mailbigfile.com لە سەرەوە فەرمانی free كلیك بكە. جگە لەوەش دەكرێت سەر لە ئەدەرسی www.mbf.me بدەی. لە بۆكسی یەكەمدا ئەدەرسی ئەوەی بۆی بەڕێ دەكەی دەنووسی. پاشان كلیك لەسەر add files دەكەی. لە بۆكسەكەی تریشدا ئیمێلی خۆت دەنووسی.